# دایه پیره و چه ک

سیروان کاروانی

له خودا بترازیَ, کەسی تر نەیدەزانی ئەو چەند قینی له چەك دەبووەوه و پشیی پێی سوار دەبوو. هەر کە چاوی بە چەکێك بکەوتایە, بەو پیرییە لە حەژمەتانا وەك گیاندارێك ئاگر سەرتاپای گیانی داگرتبێ و گڕەی باش زیاتر بلێسەی پێ بستێنێ, بەرەو ڕووی چەکەکە شاڵاوی دەبرد. دەیویست بیسووتێنێ, بیخنکێنێ, تۆڵەی لێ بستێنێ, دەنگی ببڕێ و دونیای بەسەردا بڕوخێنێ. چەك سەرسەختترین دوژمنی بوو و ناهەموارترین دیمەنی لای ئەو هەبوو, کە ئارەزووی نەدەکرد هیچ وەخت ببینێ و تەنانەت ناویشی ببیستێ.

دایەپیرە ناهەقی نەبوو, نیوەی تەمەن, تەواوی جوانی و خێروخۆشیی ژیانی ئەم سەرزەمینەی لەسەر ئەو جگەرگۆشەیەی دانابوو, کە ئەویش دوایە بۆ سەرفرازی گەلەکەی ڕێگای خەباتی ڕزگاریی هەڵبـژارد و, هەر لەو ڕێیەش بوو بە شەهیدێکی بێگۆڕی نیشتیمانەکەی.

شتێك نەبوو, کەسێك نەبوو و دەستێك نەبوو بۆ ساتێکیش بێت, پاش مەرگی کوڕەکەی, سەبووری دڵی ئەو دایکەپیرە بداتەوە. ئەو مردوویەکی سەر دونیای ستەمدار, زامێکی بێ دەوا و خەیاڵێکی بێ کۆتایی بوو. وەك خۆی ئەوکاتانەی کە هێندێك لەسەرخۆ بووایە بە لاواندنەوەوە دەیگێڕایەوە:

– بابەکەم! ئەنگۆ دەزانن بە چ دەردەسەرییەك کوڕی خۆم گەورە کردییە. کوڕی من هێشتا دارەدارەکردنی نەدەزانی, بابی ئەمرێ خوای کرد. خوا بە خۆی دەزانیتن, بێوەژنکۆشی, گەدایی, جەمێك تێر و جەمێك برسی و زۆر فەقیریی تریشم دیتییە هەتا لوقمەنانەکم بەدەست کەتییە, بە گیان و بە دڕ دەمکردە دەمییەوە. بابەکەم! مندار گەورەش بی, لەکن داك و بابی هەر شیرەخۆرەیە. ئەمن وە دەزانم وریا هەر بەرمەمکەیە و ئێستا شیری لێ بڕایە و دەگرییێ.

دایەپیرە, هەر لەگەڵ قسەکانیدا زیاتر کرووزە لە هەناوی هەڵدەستا و دەیدا لە قوڵپەی گریان. فرمێسکە گەرمەکانی هەر بە دەستە لەڕ و لاوازەکانی دەسڕییەوە و, دەستێکی بە جلەکانی خۆیدا دەهێنا و وشکیانی دەکردنەوە. بەو گریان و نووزانەوەیە, هەندێك کووڵی دڵەکۆستکەوتووەکەی دادەمرکایەوە, لە قسەکانی بەردەوام دەبوو:

– ئۆف خودایە هەری نەگری. کۆڕاییم دایێ, کە داوای شتەکی بکردابایە و بە دەستم نەکەتبایە, ئەو شەوە تا بەیانی خەو لە چاوانم نەدەکەت, لە دڕ خۆمدا دەنووزامەوە و لەگەڕ خۆم دەکرد و دەگۆت. بە خوای تازە ئەم تەنزیلانە داکەتبوو, ئەویش حەزی لێ بوو, هەستام چێرەکمان هەبوو, ئەوکات سەر و مارمان هەر ئەو چێرە بوو, فرۆشتم و هەندەکم لۆ بە تەنزیل و هەندەکیش بە کورتەك و شەروار دا.

ئەوە سێ سارە, چاوی (وریام) لێ دوورە و هەناوم دەسووتێ, لە دەرەوە هەندەك دەرێن مایە و بە بریندارێ کەتیتە دەستی دوژمن, ئەوانیش بە کۆپتەرێ بردیتیان و بێ سەر و شوێنیان کردییە. لەو بەینەی کەس قسەکی ڕاستم پێ ناڕێ, نازانم کێ دۆستمە و کێ دوژمنمە.

دایەپیرە لە حەوشەیەکی دووژووری دەژیا, خۆی و چەند دانە مریشکێك و بزنەکەی, ڕۆژ و شەویان لەو حەوشـەیەدا بەیەکـەوە بەسـەر دەبرد. جاروبار دەروجیرانـان سـەریان لێ دەدا و هەندۆکەیەك دڵیان

دەدایەوە, بەڵام ئەو دڵدانەوانە هەر بلّقی سەر ئاو بوون و لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەوان ون دەبوون. پێی وا نەبوو, کەسێك هەبێت و بتوانێت هەتووانی زامەکانی دەروونی بکا. جگە لەوە, ئەو لە ژیانە کۆڵەمەرگییەکەی بەولاوە هەڵسوڕانێکی تری نەبوو, جگە لەوانەش وردە وردە بەرەو زیاتر پیری و کەنەفتی دەچوو و چاوەکانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کزتر دەبوون و بیناییان لەدەست دەدا.

ئەو ساڵە, چەند مانگێك بوو ڕەوشی ناوچەکە گۆڕابوو, چەکدارەکانی ڕژێم هێواش هێواش ناوچەکەیان چۆڵ دەکرد و هاوڕێیانی وریا, دەهاتن و بە ناوچەکاندا دەگەڕان. ئەوان لە دژی هێزە داگیرکەرەکان کە بە زۆرەملێ لە ناوچەکەدا بوون, دەجەنگین و بەو بۆنەیەوە زۆر جاران دەچوونە دێیەکەی کە دایەپیرە لێی دەژیا, بەڵام دایەپیرە نەیدەویست ئەمانیش چەك لەشان ببینێ, بۆیە هەندێك لە هاوڕێیانی وریا, کە دڵیان بە دایەپیرە دەسووتا و خۆیان بە قەرزاری وریای هاوڕێیان دەزانی, لە دەرەوەی حەوشەکە چەکەکانیان لەشان دەهێنایە خوارەوە و تاخمی فیشەك و مەخزەنیان لە خۆیان دەکردەوە, بەو شێوەیە بەبێ چەك سەردانییان دەکرد. کاتێك هاوڕێیانی وریا لە ڕووی هێزەوە بەهێز بوون, داگیرکەران ترسیان لێ نیشت, بۆیە داوای دانووسانیان کرد. لەو کاتەدا توانیان هەندێك لە داواکارییەکانیان ڕووبەڕووی ڕژێم بکەنەوە و, ڕژێمیش لێبووردنێکی گشتیی دەرکرد, بەڵام تەرمەکەی وریا هەر بێ سەروشوێن بوو.

لەو هەلومەرجەدا, کە دایەپیرەیان بەسەر دەکردەوە, کەسێك نەیدەوێرا ڕاستی ڕووداوەکە, بردنی تەرمەکەی وریای پێ بڵێ. دایەپیرە, بە بیستنی بچووکترین شت دەربارەی کوڕەکەی, شاڵاوی دەبرد. دەمێك وەك شێر دەینەڕاند و بەسام دەبوو و دەمێك هێندە بەجۆش دەنووزایەوە, بەردی هەزارمێردی نەرم دەکرد.

وەك دایەپیرە خۆی هەموو جار دەیگوت و ڕاستیشی دەکرد, ئەم دونیایە وەفای بۆ کەس نییە, دونیا هی کەس نییە, ئەم بەنی بەشەرە تیایدا میوانە و درەنگ یا زوو ماڵ چۆڵ دەکا و, هەموومان دەڕۆین و جێگا بۆ خەڵکی تر چۆڵ دەکەین.

ڕژێم ماوەیەك بوو, بەتەواوی هار بووبوو. باش و خراپی لێك جوودا نەدەکردەوە و بە هەر چوار لادا پەلاماری دەدا, هەر ئەوەی گیانلەبەر بووایە لای ئەوان گوناهبار بوو و گەزەی ژەهراوییان لێ دەدا.

دایەپیرە و خەڵکەکەش چارەنووسیان لە هەموو ئەوانەی تر چاکتر نەبوو. ئەمجارە کە ڕژێم تەکانی هەموو خەڵکەکەی دا, دەیویست گەزە لە هەموو میللەت بەجارێك بدا. خەڵك و خوا دایەپیرەیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرت و بەگەڵ کۆڕەو کەوتن.

دایەپیرە هێندە پیر و چاوکز بوو, ئەوڕێگا دوورە و شاخ و تەلان و هەڵدێر و نشێوەی پێ نەکوترایەوە. کاتێك بە چوارچنگۆڵە بە داوێنی شاخێکی بەفراویدا هەڵدەگژا, پێی هەڵخلیسکا و بە نێوان خەڵکەکە و تاشەبەردەکاندا خلۆل بووەوە. لەو ڕۆژەوە تەرمی ئەویش وەك تەرمی وریا بێ سەروشوێنە و کەس نەیدۆزییەوە.

**فەرهەنگۆک**

ئەنگۆ: ئێوە.

تەنزیل: لە (تەسجیل)ی عەرەبییەوە هاتووە, تۆمارکەر.

**جەم:** ژەم.

**در:** دڵ.

**سار:** ساڵ.

**مندار:** منداڵ.

**هەری نەگری:** هەڵی نەگری.